# ئیسرائیل ، ئەگەرێك بۆ پشتیوانی كورد!

**بەهێز حوسێن**
Bahez2006@hotmail.com

**ئەوەتەی كورد هەیە پشتیوان و هاوپەیمانێكی ستراتیژیی نەبووە و تا ئێستاش وێڵی دوای ئەو پشتیوان و هاوپەیمانەیە و ئاواش بڕوات هەر نایدۆزێتەوە .**

**كورد بە درێژایی مێژوو ویستوویەتی سوڵتاننشینی عوسمانی و شانشینی ئینگلیز و شا و مەلاكانی ئێران و عەرەبی ناسری و لینین و ستالینی شوورەویی و ئەمریكا بكاتە هاوپەیمان و پشتیوانی خۆی بەڵام نەك هەر ئەمەی بەدەست نەهێناوە بەڵكو زۆربەی جارەكانیش ئەوانەی كورد ویستوویەتی بیانكات بە پشتیوانی ستراتیژی خۆی ، لێی هەڵگەڕاونەتەوە و سەركوتیانكردووە .**

**كورد بە درێژایی مێژووی سیاسی خۆی هەمیشە لە مەدح و سەنای ئەو دەوڵەت و حكومەتەدانەدا بووە و خوێن و ماڵ و هەندێك جاریش خاكی كردوونەتە قوربانی ، بەڵام ئەوان لە تەنگانەدا پشتیان بەرداوە و بە بێدەنگی لە قەتڵوعام و قڕكردنی كوردیان ڕوانیوە، تاكە دەوڵەتێك لە مێژووی سیاسی هاوچەرخدا قسەی لەسەر بوون و گەشەكردنی كورد كردبێت و لە بەرامبەردا كورد بە گەڕانەوەی بۆ ئینتمای ئیسلامی و دڵڕازیكردنی شۆڤێنست و ناسۆنالیستی عەرەبی پێكردبن و شەڕی لەدژكردبن و لە وڵاتی كوردستان دەریكردبن ( جولەكە و ئیسرائیلییەكان ) بوون !.**

**پێموایە ئیسرائیل تاكە دەوڵەت و دەسەڵاتە لە تەواوی جیهاندا بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەكانی خۆی پشتیوانی لە كورد بكات بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان و پێشموایە هەر ئەو شك دەبەین بیكەینە هاوپەیمان و پشتیوانی ستراتیژی خۆمان ، بیریشمان نەچێت كە ئیسرائیل وڵاتێكی بەهێزی ئابووری و سەربازیە و خاوەنی كاریگەرترین هێزی بڕیاردەری ئەمریكایە و لە ڕووی جوگرافیشەوە وڵاتێكی هێندە دوورنییە لە كوردستانەوە ، جولەكەش بەپێی سەرچاوەمێژووییەكان لەكوردستاندا لە پاش ئێزیدی و كاكەیی و زەردەشتییەكان سێهەم گروپی ئاینی بوون كە كورد زمان بوون و خزمەتێكی زۆریشیان بە وڵاتی كوردستان كردووە ، باشە كەوایە بۆچی سەركردایەتی كوردستان بڕیاری بەستنی پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیلدا نادەن !؟ .**

**بێگومان لەوە دەچێت ئەمجارەش سیاسییەكانی كورد وەك هەڵەی سەركردە و ڕابەرانی پێشوو كەوتبنەوە ژێر كاریگەریی ئەو دۆستە دوژمنانەی عەرەب و ئیسلام كە سەدان ساڵە باوەشیان بۆ دەكەینەوە و هەمیشە لەغافڵگیریماندا وەك دوپشك ئەمانگەزن و هەر پەیوەندییەك لەگەڵ ئیسرائیلدا قەدەغە و بقە دەكەن و بەرامبەر بەم هەڵوێستەش هێشتا عەرەب خۆی بەهاوپەیمانت دانانێ ، لەملاشەوە خۆمان موحتاجی ( شەیتانێكین ) كە لەپێناو مانەوە و بوونماندا هاوپەیمانێتی ستراتیژیی لەگەڵدا ببەستین ، پێموایە**

**کورد هەڵەیەکی گەورەئەکات ئەگەر بیەوێت وەك وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە ئیسرائیل بڕوانێت ، چونکە ئەوان جگە لەوەی دەوڵەتن هاوکات بۆ خۆشیان پشتیوان و هاوپەیمانی یەکترن لە هەموو بوارەکاندا ، هەر نەبێ لەبەرامبەر پرۆژەی نەتەوەیی کوردستاندا هاوڕا و کۆکن ، ئیسرائیل بۆ ئەوان ئەلتەرناتیڤێکی گەورەی ئابووری و پرۆژەیەکی کاریگەری سیاسی و ئاینی یە لە تەواوی ناوچەکەدا ، بەڵام بۆ ئێمەی کوردستانی ئیسرائیل جگە لە پرۆژەیەکی یارمەتیدەر بۆ بێهێزکردنی شۆڤێنزمی عەرەبی کە ئەمەش دەبێتە خاڵێك بۆ بەهێزکردنی پرۆژەی نەتەوەیی کورد و کاریگەردانان لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی جیهان ، شتێکیتر نابێت و هەرچۆن لێکی دەدەیتەوە لە بەرژەوەندی ئێمەیە .**

**کورد بۆ خۆی دەڵێت ( لەهەر ئەقڵەی خەسارێك ) با سەرکردەکانمان وەك بیرکردنەوەی سەرکردە پێشینەییەکانی تر بیر نەکەنەوە و بوێرانە پاش زەنکی بێکەسی نەتەوەی کورد کە لە ڕاپۆرتەکەی ( بیکەر ـ هاملتۆن ) دا گوێی زرنگاندینەوە ، بڕیار لەسەر پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئیسرائیل بکەنەوە ، وای بۆ دەچم کە ئیسرائیل تاکە هیوای هاوپەیمانێتی و پشتیوانێتی ستراتیژیی کورد بێت .**

**کورد و ئیسرائیل کە هەردوکیان خاوەنی دۆز و ئامانجێکی هاوشێوەن کە ئەویش دەوڵەتی سەربەخۆی پڕ ژیانی ئارام و ئاشتییە بۆ خۆیان ، ڕەنگە کەس ئەوەندەی خۆیان لە خەمەکانیان ناکەن و هەر بۆیە کەسیش وەك خۆیان ناتوانێت پشتیوانێتی لەو دۆزەبکات .**